بە پایەکانی تری ئیمان - ئەگەر ئەم باوەڕەی ببێت - لەو کوفرە ڕەهایە دەربازی بکردایە؟

**وەڵام:**

ئیمان بریتی‌یە لە تەنها یەك "ڕاستی" کە لە شەش پایەی یەکگرتووەوە پەیدا بووە و هەڵقوڵاوە بە چەشنێ کە هەرگیز لەتکردن هەڵناگرێت و، "گشتی"شە؛ پایەکانی دابەشبوون قبووڵ ناکەن، چونکە هەریەك لەو پایانەی ئیمان لەگەڵ ئەو بەڵگانەی کە دەیچەسپێنن و پشتی دەگرن، پێکەوە پایەکانی تری ئیمان دەچەسپێنن. کەواتە هەریەك لەو پایانەی ئیمان دەبێت بە بەڵگەیەکی گەورە و گومانبڕ بۆ هەموو یەکێ لە پایەکانی تر.

جا ئەو کەسەی کە نەتوانێت هەموو پایەکانی ئیمان و بەڵگەکانی زامدار بکات، دیارە - لە ڕوانگەی ڕاستی‌یەوە - دەستەوسان و دەستەپاچەش دەبێت بەرامبەر بەوەی کە "نەفی"ی یەکێکیان بکات و تەنها یەك ڕاستی‌یان پووچ بکاتەوە. مەگەر مرۆڤێك هەر بیەوێت وەری نەگرێت و ئینکاریی بکات و چاوی خۆی بنووقێنێت. دیارە بەم کارەشی دەچێتە ناو کوفری عینادی‌یەوە کە وردە وردە دەیگەیەنێتە کوفری موتلەق. ئەو کاتەش مرۆڤیتی‌یەکەی نامێنێت و، سەرەڕای ئەو دۆزەخە مەعنەوی‌یەی کە تیایدا دەژی، بەرەو دۆزەخێکی ماددیش هەنگاو دەنێت.

هەروەك بە کورتی لە مەسەلەکانی پێشووی ئەم پەیامی "بەری درەختی ئیمان"ەدا ڕوونمان کردووەتەوە کە چۆن پایەکانی ئیمان دەبن بە بەڵگە لەسەر حەشر، وا لێرەش لە شەش خاڵدا چەند ئاماژەیەکی پوخت بۆ ناوەرۆکە گەورە پڕواتاکەی ئەم ئایەتە دەکەین. بۆ ئەمەش پشت بە چاودێریی خواوەند دەبەستین:

● خاڵی یەکەم:

وەك لە مەسەلەی حەوتەمدا ڕوون کراوەتەوە، پایەی "ئیمان بە خوا" بە هەموو بەڵگە گومانبڕەکانیەوە، پایەی "ئیمان بە دواڕۆژ" و هەموو پایەکانی تری ئیمان دەچەسپێنێت.

بەڵێ، دەستەڵاتداریی و پەروەردگاریتی و، توانستە ئەزەلی و، هێزە هەتاهەتایی و، دەوڵەمەندی‌یە ڕەها و، فەرمانڕەواییە هەمیشەییەکەی خواوەند کە:

ئەم گەردوونە بێ سنوورە و هەموو پێداویستی‌یەکانی، بە وێنەی بەڕێوەبردنی شارێك، یان کۆشکێك بەڕێوە دەبەن و، بەپێی چەندین دانستی زۆر و زەبەندەش ئاڵوگۆڕی تێدا دەکەن و، بە ڕێسا و تەرازووکاری کاروبارەکانی بەڕێ دەکەن، کە گەردیلە و هەسارەکان دەخولێننەوە و، پێداویستیی مێش و ئەستێرەکانیش وەکو یەك دابین دەکەن و، هەموان وەکو سوپایەکی ڕێکوپێك و گوێڕایەڵی ئەوتۆ لێ دەکەن کە لە نێوان مانۆڕێکی بەرز و تاقیکردنەوە و مەشق کردن لەسەر فەرمانبەری و فێرکاریی ئەم فەرمانبەری‌یە، بە کارایی و چالاکی و جموجوڵی بەردەوامەوە، بەرەو نمایشێکی گەورە و گشتیی بەندایەتیی بێگەرد بڕۆن و خۆیان پیشان بدەن..

ئایا دەگونجێ، یان دەچێتە عەقڵەوە، بەڵکو ئایا هیچ گریمانێك لەوەدا هەیە کە جێگایەکی هەمیشەیی و بەردەوام و، درەوشانەوە و دەرکەوتنێکی هەمیشەیی لە خانە و لانەیەکی هەتاهەتاییدا نەیەتەکایەوە بۆ ئەم جۆرە (دەستەڵاتداری‌یە هەتاهەتایی) و (فەرمانڕەواییە هەمیشەییە)؟! نەخێر، هەزار جار نەخێر.

کەواتە، وەك لە مەسەلەی حەوتەمدا وتراوە، دەستەڵاتداری و مەزنیی پەروەردگاریتیی خواوەند و، زۆربەی ناوە جوانەکانی و، هەموو بەڵگەکانی

بوونی خواوەند، هەر هـەموویان داخوازی هـاتنی ڕۆژی دوایین و شـایەت و بەڵگەن لەسەری. ئیتر بۆ خۆت بزانـه کـه پاڵپشتی ئـەم پایە مـەزنەی ئیمـان چەندە پاڵپشتێکی گەورە و بـەهێزە و، وەك بـە چـاو ببینیـت ئـاوا بـاوەڕی پێ بکە.

* * *

پاشان هەروەك "ئیمان بە خوا" بە بێ "ئیمان بە دواڕۆژ" نابێت، بـە هـەمان جۆر - وەك بە کورتی لـە پـەیامی حەشـردا بـاس کـراوە - ناشکرێ و ناچێتە عەقڵەوە کە "ئیمان بە خوا" لە "ئیمان بە پێغەمبەران - درووديان لەسەر بێت" دوور بخرێتەوە و جیا بکرێتەوە. چونکە:

خواوەنـد بۆ مەبەستی دەرخستنی خوایـەتی و پەرسـتراویی خـۆی، ئـەم گەردوونەی لە شێوەی کتێبێکی صەمەدانی و بەرجەستەی وادا بـەدی هێنـاوە کــه هـەمــوو لاپەڕەیـەکی پێویســتیی خـۆی بــەو خواوەنــدە صەمــەدە[١] دەردەبڕێت و، هەر دێڕێکی ئەوە دەردەخات کە تـەنیا ئـەو خواوەنـدە مەبەستە لەو کتێبەدا و، هەر ئەوە کە پێویستی بە کەسی تر نییە..

هەروەها خوای گەورە ئەم گەردوونەی بە چەشنی قورئـانێکی خواییانـەی بەرجەستەی وا بەدی هێناوە کە هەریـەك لـە ئایەتـە تەکوینییـەکانی و، هـەموو وشەیەکی و، تەنانەت گشت پیت و نوختەیەکی، وەك موعجیزەیەك وایـە کـە تەقدیسی خواوەند دەکات..

هەروەها ئەم گەردوونـەی بە وێنـەی مزگـەوتێکی میهرەبانانـەی شـکۆدار بەدی هێناوە و، بـە چـەندین ئایـەت و نەخشـونیگاری پڕ لـە دانـایی لـە ژمـارە بەدەریش ڕازاندوویەتیەوە، بە چەشـنێ کـە لـە هـەموو سووچ و گۆشـەیەکیدا

---

(١) صەمەد: یەکێکە لە ناوە پیرۆز و جوانەکانی خـوای گـەورەی باڵادەست. واتاکەی بریتیـیە لەوەی کە: تەنها خوایە جێی نیاز و ئەنجامدەری پێویستییەکانە و، خۆیشـی بێ نیـازە لـە هـەموو شتێك. (وەرگێڕ)

کۆمەڵێکی تێدایە خەریکی جۆرە پەرستنێکی سروشتین کە لە بەرامبەر بەدیهێنەری میهرەبانی خۆیانەوە ئەنجامی دەدەن.

جا ئایا دەگونجێ ئەو بەدیهێنەر و پەرستراوە ڕاستەقینەیە، چەند مامۆستایەك نەنێرێت، تاکو واتاکانی ناو ئەو کتێبە گەورەیە بە دەرس بڵێنەوە؟

یان ئایا دەگونجێ چەند کەسێکی تەفسیرزان نەنێرێت بۆ ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی ئایەتەکانی ئەو قورئانە بەرجەستە صەمەدانییە؟

یان ئایا دەگونجێ ئیمامێك بۆ ئەو مزگەوتە دانەنێت، تاکو ببێت بە پێشەوای ئەو پەرستکارانەی کە بە چەندین جۆری پەرستن خەریکی خواپەرستین؟

یان ئایا دەگونجێ فەرمانە پادشاییەکانی خۆی بەو مامۆستا و تەفسیرزان و ئیمامانە نەبەخشێت؟

نەخێر، هەزار جار نەخێر.

پاشان ئەو بەدیهێنەرە بەخشندە و میهرەبانە، ئەم گەردوونەی بۆ ئەوە بەدی هێناوە تاکو کەماڵی پەروەردگاریێتیی خۆی و جوانیی ئەو میهرەبانییەشی کە بە خاوەن هەستانی بەخشیوە، دەربخات و، خاوەن هەست و شعوورەکانیش هان بدات کە سوپاسگوزاری و شوکرانەی پێشکەش بکەن..

لەبەر ئەوە، ئەم گەردوونەی لە شێوەی میوانخانەیەکی گەورە و پیشانگایەکی فراوان و جوان و باخچە و سەیرانگایەکی دڵڕفێنی بێ وێنەدا بەدی هێناوە و، ئەندازەیەکی لەژمارەبەدەریش نیعمەتی خۆش و جۆراوجۆری تێدا ئامادە کردووە و، تابیشڵێیت وردەکاریی لە عادەتبەدەری سنعەتی خۆی و جوانکارییە ناوازەکانی تێدا ڕێکخستووە..

جا ئایا دەگونجێ ئەم بەدیهێنەرە میهرەبان و بەخشندەیە، لە ڕێی پێغەمبەرەکانیەوە، لەگەڵ بەدیهێنراوە خاوەن هەستەکانی ئەم میوانخانە ناوازە و نایابانەی خۆیدا نەدوێت؟ یان ئایا دەچێتە عەقڵەوە فێری ئەوەیان

نەکات کە چۆن فەرمانبەریی شوکرانەبژێری و چۆنێتیی سوپاسگوزاری و واجبی پەرستن لە بەرامبەر میهرەبانیی فراوان و خۆخۆشەویست کردنی ئاشکرای خواوەند خۆیەوە، دەربڕن؟!

نەخێر، هەزار جار نەخێر.

پاشان ئەو بەدیهێنەرەی کە بەدیهێنراوانی خۆی خۆش دەوێت، دەیەوێ سەرنجی سەرسوورمان و رێزلێنان بۆ لای ئەو بەدیهێنراوانەی ڕابکێشێت. تەنانەت داوای ئەوە دەکات کە نرخ و رێزلێنان و سەرسوورمان سەبارەت بە جوانیی بەدیهێنراوانی دەربڕرێت. ئەمەش بەوەدا دەزانرێت کە ئەو بەدیهێنەرە هەستەوەرێکی ئەوتۆی لەناو دەمەکاندا داناوە کە هەست بە هەزاران جۆر تام و لەزەت دەکات. بەم پێیە ئەو بەدیهێنەرە بە هەریەکە لە بەدیهێنراوانی خۆی و لە ڕێگایانەوە، خۆی بە غەیری خۆی دەناسێنێت و هەریەکەیانی خۆش دەوێت و، بە هەریەکەیان جۆرێکی جوانییە مەعنەوییەکەی خۆی دەردەخات؛ ئەوەتا ئەم گەردوونەی بە سنعەت و بەدیهێنراوە بێ وێنە و ناوازەکانی خۆی ڕازاندووەتەوە..

جا ئایا دەگونجێ ئەم بەدیهێنەرە وردەکار و داهێنەرە، لەگەڵ "مرۆڤ"دا نەدوێت کە گەورەی بەدیهێنراوانی خۆیەتی؟

یان ئایا دەگونجێ چەند کەسێکیان لێ نەکات بە پێغەمبەر و نێرراوی خۆی و، ئەو سنعەت و ناوە جوانە بێ وێنانەش هەروا بێ دەربڕین و ڕێزلێنان بمێننەوە و، ئەم خۆناساندن و خۆ خۆشەویست کردنەش بێ بەرامبەر و موقابیل دەربچن؟

نەخێر، هەزار جار نەخێر.

پاشان ئەو بەدیهێنەرە گۆیا و زانایەی کە لە کاتی پێویست و گونجاودا بەدەم هانا و نزای هەموو زیندەوەرانەوە دەڕوات و، پێداویستییە

سروشتی‌یەکانیان بۆ دەهێنێتەدی و، فریای لالآنەوەکانیان دەکەوێت و، خواست و ئارەزووەکانیشیان کە بە زمانی حاڵ دەری دەبڕن، هەر ئەو بۆیان دەهێنێتەدی..

ئەو خوایەی کە لە ڕێی چاکە و نیعمەت و بەخششە لە ژمارە بەدەر و بێ سنوورەکانیەوە لەگەڵ بەدیهێنراوانی خۆیدا بە ڕاشکاوی - چ بە کردەوە و چ بە زمانی حاڵ - دەدوێت و، بەم کارەش "ئامانج" و "ئیختیار" دەردەخات کە لە پشتی ئەم کارانەوە هەن..

جا ئایا هەرگیز دەگونجێ و دەچێتە عەقڵەوە، ئەم بەدیهێنەرە خاوەن گوفتار و زانایەی کە ئاوا بە کردەوە و زمانی حاڵ لەگەڵ بچووکترین زیندەوەردا بدوێت و بەدەمیەوە بڕوات و، بە چاکە و بەخششەکانی خۆی فریای بکەوێت و پێداویستی‌یەکانی نەهێڵێت.. بەلام سەرکردە مەعنەوی‌یەکانی بەرەی مرۆڤ - کە سەرداری زۆربەی بەدیهێنراوانی ڕووی زەوی‌یە و، جێنشینی خوایە تیایدا و، پوختە و کورتەی هەڵێنجراوی بوونەوەرانە - بە دیداری خۆی شاد و شەرەفمەند نەکات؟!

یان ئایا دەچێتە عەقڵەوە بە وتە و گوفتاری خۆی لەگەڵیاندا نەدوێت، وەك ئەوەی کە بە کردەوە و زمانی حاڵ لەگەڵ زیندەوەرانی تردا دەدوێت؟

یان ئایا دەگونجێ پاش تەواوبوونی ئەو دیدارە، فەرمان و کتێب و پەڕاوە پیرۆزەکانی خۆی لەگەڵیاندا نەنێرێت؟

نەخێر، هەزار جار نەخێر.

بەم جۆرە، "ئیمان بە خوا" لەگەڵ هەموو بەڵگە چەسپێنەر و گومانبڕەکانیدا، "ئیمان بە کتێبەکانی خوا" و "ئیمان بە پێغەمبەرانی خوا" دەچەسپێنێت.

* * *

پاشان ئەو کەسەی کـە وای لـە گـەردوون کـردووە بـە دەنگـی حەقیقـەتی قورئان بزرنگێتەوە و لەبەر خۆیەوە بیخوێنێتەوە..

ئـەو کەسـەی کـە بـە ڕێکـترین و تـەواوترین شـێوە بەدیهێنـەری ناسـیوە و ناسـاندوویەتی و، خۆشـی ویسـتووە و خۆشەویستیشـی کـردووە و، شوکرانەبژێریی کردووە و غـەیری خۆیشـی ڕێنمـایی شـوکرانەبژێریی ئـەو کردووە، بەڵکو وای لە گۆی زەوی کردووە بە چەشنێ: "سبحان الله والحمد لله والله اکبر" بلێتەوە و دووپاتیـان بکاتـەوە کـە بیـاندات بـە گوێـی ئاسمانـە بەرزەکاندا..

ئەو کەسەی کە لە بەرامبەر پەروەردگاری‌یە ئاشـکراکەی بەدیهێنـەرەوە، بەنـدایەتی‌یەکـی گشـتی و فراوانی نـواندبێت و، پێشەوایی پێنج یەکی گـرۆی مرۆڤی لە ڕووی چەندایەتی‌یەوە و، نیوەیان لـە ڕووی چۆنێتی‌یـەوە لـە مـاوەی هـەزار و سێ سـەد سـاڵدا کردبێـت و، پێشـەوایەکی وا بێـت کـە دەریـا و وشـکانی‌یەکانی بـە جـارێ ورووژاندبێـت و بـە تـەواوی ئـەوانی خسـتبێتە مەراق و تاسە و شەوقەوە..

ئەو کەسەی کە بە درێژایی هەموو سەردەمەکان دەنگی قورئانی بـە گوێـی گـەردووندا دابێـت و بەمـەش دەرسێکی گـەورەی وتبێتـەوە و، بانگـەوازێکی پیرۆزی ڕاگـەیاندبێت و ئـەرك و فەرمانبـەری و نـرخ و بایـەخ و پلـە و پایـەی مرۆڤی دەرخستبێت و ڕوونی کردبێتەوە.. ئـەو محەممـەدە ئـەمین و ڕاسـتگۆیەی ﷺ کە بە هەزار و یەك موعجیزە تەسدیق کراوە..

ئایـا هـەرگیز دەگونجـێ ئـەم بـەندە ئـازیز و هەڵبژاردەیـە، بـەڕێزترین و گـەورەترین پێغەمبـەر ﷺ و ڕەوانـەکراوی ئـەو خـواوەنـدە حـەق و پەرسـتراوە نەبێت؟

نەخێر، هەزار هەزار جار نەخێر.

کەواتە حەقیقەتی: "أشهد أن لا إله إلا الله" لەگەڵ بەڵگەکانیدا "أشهد أنّ محمداً رسولُ الله" دەچەسپێنن.

* * *

پاشان ئەو بەدیهێنەرەی کە بەدیهێنراوانی خۆی وا لێ کردووە بە سەدان هەزار زمان لەگەڵ یەکتر بدوێن و، خۆیشی لە زمانی هەموویان بزانێت و تێبگات.. ئایا هەرگیز دەگونجێ ئەو خواوەندە خۆیشی نەدوێت و خاوەنی گوفتار نەبێت؟! نەخێر، نەخێر.

پاشان ئایا دەچێتە عەقڵەوە کە ئامانجە خواییەکانی خۆی لە ڕێی کتێبێکی وەکو "قورئان"ەوە بە خەڵکی نەڵێتەوە و فێریان نەکات، ئەو قورئانەی کە وەڵامی سێ پرسیاری وەهای داوەتەوە عەقڵی ژیر و هۆشمەندانی تێدا سەرسام ماوە، کە بریتین لە:

(ئەم بوونەوەرانە لە کوێوە هاتوون؟.. بۆ کوێ دەڕۆن؟.. بۆچی یەك لە دوای یەك دێن و ئەوەندەی پێ ناچێت دەڕۆن)؟ نەخێر.

قورئانی پیرۆز کە سیازدە سەدەی ڕەبەقی ڕووناك کردەوە و.. سەد ملیۆن زمان بەوپەڕی ڕێزلێنانەوە لە هەموو سەعاتێکدا دەیلێنەوە و.. بەوپەڕی بەرزی و قەداسەتەوە لە سنگی ملیۆنێك لەبەرکەرانیدا تۆمار کراوە و.. بە یاساکانی خۆی بەشی هەرە زۆری گرۆی مرۆڤی بەڕێوە بردووە و، دەروونی ئەوانی پەروەردە و، گیانەکانیانی پاكژ و، دڵانیشیانی پوختە و، ژیرییەکانیانی ڕێنمایی کردووە..

ئەو قورئانەی کە موعجیزەیەکی هەمیشەییە، وەك لە پەیامەکانی نووردا چل ڕووی ئیعجازیمان چەسپاندووە و، ڕوون بووەتەوە کە بۆ هەر چینێك لە چل چینەکانی خەڵك ئیعجازێکی تایبەتیی هەیە. (وەك لە مەکتووبی

نۆزدەهەمدا - کە خۆی لە خۆیدا کەرامەتێکی لە عادەتبەدەرە - باس کراوە)..

ئەو قورئانە مەزنە، بەوپەڕی شایستەیی و ڕاستییەوە شایانیەتی کە ناوی "کلام الله"ی لێ نراوە و، حەزرەتی محەممەدیش ﷺ لەگەڵ هەزاران موعجیزەیدا بووە بە یەکێك لە موعجیزە ڕوونەکانی ئەو قورئانە پیرۆزە..

جا ئایا دەگونجێ ئەم قورئانە پیرۆزە گوفتاری ئەو خواوەندە گۆیا ئەزەلیە و، فەرمانەکانی ئەو بەدیهێنەرە هەمیشەییە نەبێت؟!

نەخێر، هەزار جار نەخێر.

کەواتە "ئیمان بە خوا" لەگەڵ هەموو بەڵگەکانیدا، دەیچەسپێنن کە "قورئانی پیرۆز فەرموودە و گوفتاری خواوەندە".

* * *

پاشان ئەو دەستەڵاتدارە شکۆمەندەی کە ڕووی زەوی - بە بەردەوامی - لە زیندەوەران پڕ دەکات و خاڵییشی دەکاتەوە و، بەم کارەشی و لە پێناوی ناسین و پەرستن و پیرۆز ڕاگرتنیدا، دنیاکەمان بە بەدیهێنراوانی خاوەن هەست و شعوور ئاوەدان دەکاتەوە..

ئایا دەگونجێ ئەم دەستەڵاتدارە شکۆمەندە "ئاسمان و ئەستێرەکان" بە چۆڵی بهێڵێتەوە و، ئەو کۆشك و تەلارە ئاسمانییانە بە "چەند سەرنشینێکی لەبار و گونجاو" لەگەڵیاندا، ئاوەدان نەکاتەوە؟

ئایا دەگونجێ (ئەم دەستەڵاتدارە مەزنە) دەستەڵاتداریی پەروەردگاریی خۆی لە فراوانترین مەملەکەتەکانیدا هەر وا بێ هەیبەت و شکۆمەندی و، بێ چەندین فەرمانبەری کار پێسپێراو، بێ باڵوێزی ڕەوانەکراو، بێ سەیرکەرانی سەرسووڕماو، بێ چەندین بەندەی بەڕێز و ژێر فەرمان و

گوێڕایەڵ و سەرپەرشتیکار، بەجێبهێڵێت؟ نەخێر، بە ئەندازەی ژمارەی مەلائیکەت نەخێر.

پاشان فەرمانڕەوای دانا و زانای میهرەبان کە ئەم گەردوونەی لە شێوەی کتێبێکدا نووسیوە، بە ڕادەیەك کە مێژووی ژیانی هەموو درەختێکی لە هەموو یەکێکی تۆوەکانیدا تۆمار کردووە و، فەرمانبەریی ژیانی هەموو گیایەك و ئیشوکاری هەموو گوڵێکی لە هەموو ناوکەکانیاندا نووسیوەتەوە و، هەموو ڕووداوەکانی ژیانی گشت خاوەن هەست و شعوورێکی لە هێزی پارێزگاریدا - کە هێندە بچووکە بە ئەندازەی دەنکە خەرتەلەیەکە - تۆمار کردووە.. ئنجا هەر کارێك لە موڵکی ئەودا بکرێت و هەر ڕووداوێك لە بازنەی دەستەڵاتی ئەودا ڕووبدات، چەندین وێنەیان دەگرێت و، بەمەش لای خۆی دەیانپارێزێت.. ئەو کەسەی کە لە پێناوی دەرخستن و هێنانەدیی "دادگەری" و "دانایی" و "میهرەبانی"دا - کە گرنگترین بناغەکانی پەروەردگارێتین - بەهەشت و دۆزەخ و سیرات و تەرازووی هەرە گەورەی لەودنیادا بەدی هێناوە..

ئایا دەگونجێ ئەم فەرمانڕەوا دانا و زانا میهرەبانە، کردەوەکانی مرۆڤ، کە پەیوەندییان بە بوونەوەرانەوە هەیە، تۆمار نەکات و کردارە چاك و خراپەکانی ئەو لەسەر تیانووسەکانی قەدەردا نەنووسێتەوە؟!

نەخێر، بە ئەندازەی ئەو پیتانەی کە لە "لوح المحفوظ"ی قەدەردا تۆمار کراون، نەخێر.

واتە بە چەشنی ئەوەی کە خۆر ڕۆژ دەردەخات و، ڕۆژیش دەبێت بە بەڵگە لەسەر بوونی خۆر، بە هەمان چەشن، ڕاستیی "ئیمان بە خوا" لەگەڵ هەموو بەڵگەکانیدا ڕاستی "ئیمان بە مەلائیکەت" و "ئیمان بە قەدەر" دەچەسپێنن.

بەم جـۆرە دەرکـەوت کـە هـەر یەکـە لـە "پایـەکانی ئیمـان" یـەکتری دەچەسپێنن و دەبن بە بەڵگەی یەکتر.

● خاڵی دووهەم:

هەموو داخوازی و بانگەوازەکانی گشت کتێـب و پەڕاوە ئاسمانی‌یەکان لە پێشەنگی هەموویانەوە قورئانی پیرۆز..

هەروەها هـەموو بانگەوازەکانی گشـت پێغەمبـەران - درووودیـان لەسـەر بێـت - لـە پێشـەنگیانەوە حـەزرەتی محەمـەد ﷺ تێکـڕا لـــە دەوری چـەند بناغەیـەکی دامـەزراو و چەند پایەیـەکی دیـاری کراودا دەخولێنـــەوە و، هــەر هەموویشـیان هـەوڵی ئەوەیان داوە کـە ئەو بناغانـە بچەسـپێنن و بـە غـەیری خۆیانیشی ڕابگەیەنن و فێریان بکەن.

کەواتە هەموو ئەو بەڵگانەی کە شایەتی لەسەر پێغەمبەری و ڕاستگۆیی ئەوان دەدەن، تێکڕا بە یەکەوە ڕوو دەکەنە ئـەو پایـە و بناغانـە و ئـەوەندەی تـر بـەهێزی دەکـەن و، بۆمـان دەردەخـەن کـە ئـەو پایـە و بناغانـە تـەواو حـەق و ڕاستن. ئەو بناغانەش بریتین لە:

(ئیمـان بە خـوا و، بـە ڕۆژی دوایـی و، بـە مـەلائیکـەت و، بـە کتێبـەکانی خـوا و، بە پێغەمبـەرانی خـوا و، بـەوەی کـە خێر و شـەڕی قـەدەر لـە لایـەن خواوەیە).

کەواتـە بـە هیـچ جۆرێـك ناگونجێ شـەش پایەکانی ئیمـان لـە یـەك جیـا بکرێنەوە و جیاوازی‌یان لـە نێوانـدا دابنرێت، چونکـە هەریەکـە لـەو پایانـەی ئیمان گشت پایەکانی تر دەچەسپێنێت، بـەڵکو داخوازیشیان دەبێت. لەبەر ئەوە، ئـەو شـەش پایانـە شتێکی هێنـدە گشـتین کـە لـەتکردن هـەڵناگرن و، لێکدابڕینیان بە هیچ جۆرێك لە توانای کەسدا نی‌یە.

هەروەك چۆن هەریەکە لە پەل و بەر و گەڵاکانی درەختی پیرۆزی "تووبا" - کە ڕەگەکانی لە ئاسماندا بڵاو کردووەتەوە - پشت بە ژیانی هەمیشەیی ئەو درەختە دەبەستێت و، هیچ کەسێك ناتوانێت ئینکاریی ئەو ژیانە گەورە و ئاشکرایەی کە وەك ڕۆژ ڕوونە و، ژیانی ئەسلی و دامەزراوی ئەو درەختەیە، هەروەها ژیانی هیچ گەڵایەکی پێوەلکاوی ئەو درەختە بکات، خۆ ئەگەر ئینکاریشی بکات ئەوا درەختەکە بە ئەندازەی ژمارەی پەل و لق و گەڵاکانی بە درۆی دەخاتەوە و دەمکوتی دەکات..

هەروەك ئەمە وایە، شەش پایەکانی ئیمانیش بە هەمان جۆرە.

نیازمان وابوو کە لە شەش خاڵدا و لە هەریەکەی ئەو خاڵانەشدا شەش سەرنجی پڕ واتا بۆ ڕوونکردنەوەی هەر شەش پایەکانی ئیمان باس بکەین و، بە تەما بووین وەڵامی ئەو پرسیارە ورووژێنەرەی پێشەکی‌یەکە بە جۆرێکی ڕوونتر و فراوانتر بدەینەوە، بەڵام چەند تەگەرە و کۆسپێك ڕێی ئەوەی لێ گرتین. لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە "خاڵی یەکەم" پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ مرۆڤی تێگەیشتوو نەهێشتووەتەوە. چونکە ئەو خاڵە پێوەر و تەرازوویەکی ئەوتۆیە کە سەروزیادە بۆ ئەو بابەتە.

وا بە تەواوی ڕوون بووەوە کە ئەگەر هەر موسڵمانێك ئینکاریی هەر ڕاستی‌یەکی ئیمان بکات، بەرەو کوفری موتڵەق بەر دەبێتەوە. چونکە پایەکانی ئیمان وەك زنجیرەیەکی یەك لە دوای یەك وان و بە دوای یەکتریدا هاتوون و، ئایینی ئیسلام بە تەواوی ڕوون بووەتەوە و، ئەو شتانەش کە لە ئایینەکانی تردا بە پوختی باس کراون لە ئیسلامدا بە درێژی ڕوون کراونەتەوە.

کەواتە ئەو موسڵمانەی حەزرەتی محەممەد ﷺ نەناسێت و باوەڕی پێ نەکات، ئەوا خوای گەورە و سیفەتەکانیشی ناناسێت و ناشزانێت قیامەت

چی‌یە! ئەمەش دەری دەخات کە ئیمانی مرۆڤی موسڵمان هێندە توندوتۆڵ و بەهێز و دامەزراوە کە هەرگیز لە جێی خۆی نابزوێت و بە هیچ جۆرێك دەرفەت بە ئینکاری کردن نادات، چونکە پشتی بە چەندین بەڵگەی زۆر و زەبەندە بەستووە، بە چەشنێ کە وا لە ژێری دەکات سەر بۆ قبووڵکردنی ئەم ئیمانە دابنەوێنێت و ملی بۆ کەچ بکات.

● خاڵی سێهەم:

جارێکیان وتم: "الحمد لله". پاشان بۆ نیعمەتێکی ئەوەندە مەزن گەڕام کە پڕاوپڕی واتاکەی دەربچێت. یەکسەر ئەم ڕستەیەی خوارەوەم بە دڵدا هات:

"الحمد لله على الإيمان بالله، وعلى وحدانيته، وعلى وجوب وجـــوده، وعلى صفاته وأسمائه، حمداً بعدد تجليات أسمائه من الأزل الى الأبد"[1].

کە سەرنجم دا، بۆم دەرکەوت لەگەڵ واتاکەیدا بە تەواوی یەکاویەك دەردەچێت. ئەویش بەم جۆرەیە[2]:

..........................

* * *

(١) واتە: بە ئەندازەی درەوشانەوەی ناوە جوانەکانی خواوەند لە ئەزەلەوە تا ئەبەد، سوپاس و سەنا و ستایش بۆ خوای گەورە لەسەر باوەڕبوونم بە خوا و، تاك و تەنیایی و، بوون و، سیفات و، ناوەکانی. (وەرگێڕ)

(٢) لێرەدا دەقەکە کۆتایی پێ دێت. وەك بڵێی پەردە لە بەردەم مامۆستا نوورسیدا دادرابێتەوە و ئیتر لە نووسین ڕاوەستابێت. یان لەوانەیە ئەو بارودۆخەی کە لە بەندیخانە تیایدا بووە دەرفەتی نەدابێت تەواوی بکات و، ناچار بووبێت بەو بڕگانەی سەرەوە واز بهێنێت. (وەرگێڕ)

# پێرستی بابەتەکان

**بابەت** — **لاپەڕە**


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکیی وەرگێڕ | ٥-١٠ |
| بەری درەختی ئیمان | ١١ |
| پێشەکیی دانەر | ١٢ |
| ساتێك بۆ خوا | ١٣-١٥ |
| مرۆڤ چۆن لە مردن ڕزگاری دەبێت؟! | ١٦-٢٢ |
| لەسەر شاشەی ئیماندا | ٢٣-٣١ |
| بەجێهێنانی هەندێ ئەرك لە هەندێکی تر پێویست ترە | ٣٢-٣٧ |
| با لاوی‌یەکی هەمیشەیی بەدەست بهێنین | ٣٨-٤٠ |
| زانستەکان بەدیهێنەرمان پێ دەناسێنن | ٤١-٥٠ |
| شارەزای ڕێی قیامەتمان بکە | ٥١-٧٨ |
| سوودی "باوەڕ بە ڕۆژی دوایی" بۆ بەختەوەریی دنیا | ٧٩-١١١ |
| "ئیمان" بەش بەش ناکرێت | ١١٢-١٢٥ |
| موعجیزەی دووپاتبوونەوە لە قورئانی پیرۆزدا | ١٢٦-١٥٥ |
| بەروبوومەکانی باوەڕ بە "مەلائیکەت" لە ژیانی دنیادا | ١٥٦-١٧٨ |
| پوختەیەك لە ژیانی دانەر | ١٧٩-١٨٠ |